# ڕۆژ بۆ یادکردنەوە

بزنە گارە چوو بۆ لای جوجەلە پیپس بۆ ماڵئاواییی لێکردن.
پیپس" بۆ کوێ سەفەر دەکەی؟"
بزنە گارە"ئەم هاوینە دەچم بۆ لای داپیرەم، لە دێی قەرەئەنگوێ. منت لە بیر نەچێت. بۆ ئەوەی یادم بکەیتەوە، ئەم کتێبە وێنەکێشراوەت پێشکەش دەکەم.بیخوێنەوە، کاتەکەیشت بەخۆشی بەسەر دەبەیت!"
پیپس"سوپاست دەکەم، بەڵام من نەمدەزانی کە تۆ سەفەر دەکەی، بۆیە من دیاریم پێ نییە بیدەم بە تۆ. جا بزنە گارە من ئێستا چی پێشکەش بە تۆ بکەم؟"
پیپس نەختێك بیری بۆ کردەوە و پاشان وتی" بۆ ئەوەی یادم بکەیتەوە... ڕۆژت بەدیاری پێشکەش دەکەم...
بزنە گارە بەسەرسوڕمانێکەوە پێی وت"ڕۆژم دەدەیتێ بە دیاری؟"
پیپس"بەڵێ ڕۆژ. ڕۆژی باش و خۆشەویست کە لە ئاسمانەوە هەڵدێت. ئەگەر لە لادێیەکەوە تەماشای ڕۆژ بکەیت، بیری من دەکەیتەوە!

---

هەیتۆ!
نووسەر: م. پلیاتسکۆڤسکی
هیچ ئاژەڵێك حەزی نەدەکرد لە تەنیشت ماڵی توتی هەی تۆ تێپەڕبێت. ناویان لێ نابوو هەیتۆ، چونکە خۆشەویستترین قسەی"هەیتۆ" بوو.
هەرکە ئەسپی دەرپای بینی، هاواری کرد: هەیتۆ! ئەسپی دەریا! تۆ زۆر خۆر نیت؟"
کە تیمساحەکە لە تەنیشتی ماڵەکەیەوە تێپەڕی، بەقیژوقاژ وتی: هەیتۆ! کەلە زل! وریابە بە دەمەوە نەکەویت!"
کێ حەز دەکات کوێی لەم قسانە بێت؟ بەخۆشی بێت یا بە ترشی دەبوایە ئاژەڵەکان گوێیان لەم قسە پوچانەی هەیتۆ ببێت، چونکە ماڵەکەی لەسەر شەقامی سەرەکی سەر ڕێگای سوپەرمارکتە گەورەکە بوو. ئەمە بە دڵی زەرافەی خاوەن سوپەر مارکتەکە نەبوو، لەبەر ئەوەی کڕیارێکی کەمتر دەهاتن بۆ شت کڕین. کەس نەیدەویست لە تەنیشتی ماڵی توتییەکەوە ڕەت ببێت. کەس نەما بەئاشکرایی لەبەر چاوی هەموو قسەی پێ نەکات!
زەرافەکە بیری لە فێڵێك کردەوە: لە ڕۆژی لە دایکبوونی هەیتۆدا، ئاوێنەیەکی گەورەی پێشکەش کرد. کاتێك هەیتۆ خۆیی لە ئاوێنەکەوە بینی، پێی وا بوو توتییەکی ترە تەماشای دەکات.
لەو ڕۆژەوە هەیتۆ هەمو ڕۆژەکە لەبەردەم ئاوێنەکەدا دادەنیشێت و جوێن و مرافەی دنیا لە گەڵ خۆیدا دەکات: هەی تۆ! توتی! ئەم هاتوهاوارەت لە چییە!"

---

# چی باشترێکە؟

بەچکە بەراز وسەگەسوور و بەچکە مراوی لە بەردەم تەویلەکە ڕاوەستابوون و بە دەنگێکی بەرز لێکیان دەدایەوە چ شتێك لەوی تر باشترە.
سەگەسوور، وەو،وەو،وەو... لەهەمو شتێك باشتر، فرۆشگاکەیە، لەوێ تەنها شتی بەلەزتی تێدایە!
"نەخێر، وا نیە، هەڵپەرکێی سێ پێی لە هەموو شتێك باشترە!. ئای چەند حەز لە هەڵپەرکێ دەکەم" بەچکە مراوی پیپس وای وت.
قۆپچەی بەچکە بەراز وتی"هەڵپەرکێ، ئەوە هەر هیچ نیە!لە دنیادا، کریستاڵە لە هەموو شتێك باشتەر! کاتێك بە پەنجە لێ دەدەیت ،دەنگێکی لێوەوە دێت تا بڵێیت بە جۆش و خرۆشە."
پیپس" من گۆرانیم زۆر بەدڵە... هەتا بڵێیت خۆش دەیڵێن!"
بێگومان ئەم بەیەك هەڵچوونە زۆری دەخایاند. لەولایشەوە مانگا جوانکیلە خۆیی تێهەڵقورتان و وتی" مووو، مووو بۆچی لە منیش پرسیار ناکەن؟ کا لە هەموو شتێك باشترە لە دنیا!"

"میاو، میاو، میاووو، نەخێر وا نیە!بە بۆچوونی من، قەیماخ لە هەموو شتێك باشترە!" یانۆشی پشیلە وای وت.
بەڵام لە پڕێك لەم کاتەدا، بروسکەیەك دابەزی وگرمەتریشقەیەی لێ هەستا. هەریەکێکیان بەلایەکدا رۆیشتن. مریشکی خۆشبەخت کە لەژێر پاچینەکەدا لەسەر هێلکەکانی دانیشتبوو، ئەمەی زۆر پێ خۆش بوو و وتی: ئێستا ئیتر دەتوانم بخەوم! هەورەتریشقەیەکی وا هەمیشە لەهەموو شتیك باشترێکە!"

* * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * *

# گەردن درێژەکە

"با گەردەنمان بگۆرینەوە!"بەچکە بەرازەکە ئەم پێشنیارەی بۆ زەڕافەکە کرد.
زەڕافەکە پرسیاری لێ کرد"گەردەنی منت بۆ چییە؟
بەچکە بەرازەکە" سودێکی زۆری لێ وەردەگرم... بە ملێکی درێژەوە، دەتوانم باشتر ئیملا بنووسمەوە"
زەڕافە"چ سودێکی تریشی لێ وەردەگریت؟"
بەچکە بەراز" لە سینەمادا لە هەرکوێیەك دابنیشم، بەباشی چاوم لە فیلمەکان دەبێت."
زەڕافە"ئەی باشە، بۆ چی تر؟"
بەچکە بەراز" پێمدەکرێت سێو لە دارە بەرزەکانییەوە لێکەمەوە."
زەڕافە"ئووو نەخێر! من شتی وا ناکەم! من بە خۆم پێویستیم بە گەردنێکی ئەوەندە سەرنج راکێش هەیە"
نووسەر : م. پلیاتسکۆڤسکی
لە ئەلمانییەوە بۆ کوردی: سەلام عەبدوڵلا ئیبراهـ